ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان ، یەکگرن !

# رێگای رەنجدەران
طريق الكادحين

مانگ نامەیەکی سیاسییە رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان دەری دەکات

Rêgay Rencderan

یەکگرتن
سەربەخۆیی
سۆسیالیزم

ژمارە (٢٣) سەرماوەزی ٢٧٠٢ك | کۆتایی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ز | نرخی (یەك) دینارە

## حکومەتی ئەمەریکا پشتیوانی لەدادگایی کردنی خەزرەجی دەکا

لەراگەیاندنێکی کورتدا کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دابوی بەوڵاتی دانیمارك لەم رۆژانەدا تیایدا هاتووە حکومەتی ئەمریکا پشتیوانی لەوڵاتی دانیمارك دەکات بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی سوپا سالاری پێشوی عێراق، وەك تاوانباری جەنگو بەرپرسێتی بەرامبەر کۆمەڵکوژی دژی خەڵکی باشووری کوردستان، هەروەها خاتوو (Birigitte restberg) رایگەیاندووە بەپێی ئیفادەی ئەو ١٠٠ شاهیدەو زانیارانەی وەك دیکۆمێنت لەدەست دان بەسە کەزیندانی هەمیشەیی بۆ نزار ببڕێتەوە.

# دادگایی کردنی سەرانی رژێم بەخەزرەجی دەستی پێ کرد !

## نزار خەرزەجی تاوانبار لەدانیمارک دەستیگر کرا

رۆژی (١٩/ی ئەم مانگە، تاوانبار نزار خەزرەجی سوپا سالاری پێشووی عێراق لەلایەن پۆلیسی دانیمارك دەستگیرکرا. وخرایە زیندانو سێ تۆمەتی ئاراستە کرا، (کیمیابارانو ئەنفال و گوندتێکدان)ی لەباشوری کوردستان دوای ئەوەی نزار خەزرەجی بەبیانوی (عمرە)، دەیخواست لەدانیمارك رابکا، پۆلیس دەستگیری کردو کەلەراستیدا دەیخواست رابکاتەوە لای رژێمو کەڵك لەلێبوردنەکەی سەدام وەربگرێ، ئەوەی جێگای وەبیرهێنانەویە چەند کوردێکی پەنابەری دانیمارك داوایان لەسەر (نزار) لەدادگای دانیمارك تۆمار کردووەو ماوەی (٢)ساڵ دەبێ لەم وڵاتە دەستبەسەرە.

## حکومەتی تورکیا داوای گۆڕینی ناوی حزبی شیوعی تورکیا دەکات

داواکاری گشتی تورکی (سەبیح کانادوگلو)،سێ رۆژ پێش هەڵبژاردن گشتیەکەی تورکیا(٢٤) سەعاتی مۆڵەت دابەحزبی شیوعی تورکیا بۆ گۆڕینی ناوی خۆی، ئەگینا رێگای بەشداری کردنی لەو هەڵبژاردنە پێ نادرێ.

ئەم بڕیارەش بەپێی دادگای دەستووری کەلەکانونی دووەم دەری کردووە مۆڵەتی (٦) مانگی دابوو بەو حزبە بۆ گۆڕینی ناوی‌خۆی، ئەوەی جێگای باسە ئەم حزبە کۆنترین حزبی شیوعی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە وساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە لەساڵی پارەوە بەئاشکرا لەو وڵاتە دەست بەکاروبۆتەوە.

ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێ لەنێو ئەو وڵاتە بەپێی یاسا ناوهێنانی وشەی کۆمۆنیزم قەدەغەیە.

**رۆژنامەی (الشرق الاوسط)**

## هەوڵدان بۆ تاوانبارکردنی سەدام حوسێن و سەرانی رژێمی عێراق

رۆژنامەی ئیندپێندتی لەندەنی لەژمارەی ١٠/٣١ رایگەیاندوە کە حکومەتی ئەمریکا ئێستا لەهەوڵێکی بێ هودە دایە بۆ ئامادەکردنی لیستی تاوانبارکردنو دادگایی کردنی سەدام حوسێنو یارمەتیدەرانی وەك تاوانباری شەڕ لەدوای گۆڕینی رژێمی سەدام، ئەوەی جێگای ئاماژەیە هەردوو کوڕەکەی سەدام (عدی، قصی) وتاریق عەزیز ناویان لەلیستەکەدایە.

**ئەلزەمان - ١١/١**

## پلنیۆمی رێکخستنەکانی کۆمیتەی هەولێری رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان

دەمژمێر ١٠ بەیانی رۆژی ١٥ ی ئەم مانگە رێکخستنەکانی کۆمیتەی هەولێر، کۆبوونەوەیەکی فراوانی خۆی ئەنجامدا بۆ پاشترکردنو رێکخستنەوەی خۆی لەبوارە جیاکاندا. دەقی راگەیاندراوەکە لە ل٤ بخوێنەوە.

## کۆنگرەیەک دەربارەی پاکتاوی رەگەزی لەعیراق

لە١٤ی ئەم مانگە واشنتۆن میوانداری کۆنگرەیەك دەکا دەربارەی تاوانی بەزۆر راگواستنو پاکتاوکردنی رەگەزی لەسەر کوردانی ژێر دەسەلاتی رژێمی بەعسی عێراق لەژێر دروشمی (بەزۆر راگوێزان وپاکتاوکردنی رەگەزی لەعێراقدا، دەرخستە ئانیدەییەکان) کەلەلایەن ئەنستیتۆدی کوردی لە واشنتۆن بەهاوکاری یانەی پەناهەندە سیاسییەکان ئەنجام دەدرێت، تیادا ژمارەیەك لەلێپرسراوانی حکومەتی کوردستان لەباشوری کوردستانو نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکیو نوێنەری ئاژانسەکانی رەسمی ئەمریکی و داموو دەزگاکانی لێتۆژینەوەی پەیوەستدار بەکەمە نەتەوەییو پەناهەندەکان بەشدارن.

**رۆژنامەی (الشرق الاوسط)**

## رێگامان

## دادگایی کردن نەك دانوستان

ماوەیەکە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نیازی بەستنی کۆنگرەیەکی هەیە لەیەکێ لەوڵاتانی ئۆروپا بۆ نەخشەدانانو خۆ ئامادەکردنی قۆناغی دوای نەمانی رژێمی سەدام، سەرەڕای تێبینیو سەرنجمان لەسەر هێزو لایەنو باڵە بەشداربووەکان ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو جغزی بیرکردنەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەستنی ئەم کۆنگرەیە بەکارێکی باشو پێویست دەزانین بەتایبەتی لەم قۆناخە ناسکەدا. ئەوەی پتر سەرنجی راکێشاوین، بانگهێشت کردنی، دوو تاوانباری گەورە کە داڕێژەرو ئەنجامدەری چالاکی تاوانەکانی ئەنفالو کیمیابارانو گوندتێك دانی باشووری کوردستانن (نزار خەزرەجیو وەفیق سامەڕائی) ئەو دوو تاوانبارە ناڕازی نەبوون لەرەفتارەکانی سەدامو خودی سەدام بەڵکو سەدام بەهۆی غروری وبێ منەتی، پەراوێزی کردون ئەوانەش لەترسی گیانی خۆیانو بۆ بەرژەوەندی تایبەتیان روویان لەهەندەرانو ناو ئۆپۆزسیۆن کردووە، ئەگەرچی پۆلیسی دانیمارکی رۆژی (١٩)ی ئەم مانگە تاوانبار نزار خەزرەجی دەستگیر کرد بەهۆی ئەو تاوانانە لەراستیدا دانیشتنو دانوستان کردن لەگەڵ ئەو تاوانبارانە سوکایەتیە بەخوێنی قوربانیانی کۆمەڵکوژی باشووری کوردستان وکەسایەتی نیشتمانپەوەری هەموو خەڵکی کوردستان، پێویستە لەبڕی ئەوەی دانیشتنیان لەگەڵدا بکرێ، هەوڵێ بەدادگایی کردنیان لەدادگایەکی نێودەوڵەتی بدرێت، لە بڕی ئەوەی پاکانەیان بۆ بنێردرێ و لەجیاتی خاوکردنەوەی گرێی پەتی ملی ئەم تاوانبارانە پێویستە ئەو پەڕی توانای بەڵگەکاری بخرێتە گەڕ بۆ سەلماندنی تاوانکاریەکانیان هەموو کارێکیش بەیەکەم هەنگاو دەست پێ دەکا.

**رێگای رەنجدەران**

**١٠/٢٠**

## کۆماری ئیسلامی رۆژنامە نوسێکی کورد دەداتە دەست تورکیا

(موارد سەراجی سەرنووسەری رۆژنامەی ئازادی وڵاتی کە بەئاشکرا لەئەستەمبوڵ دەردەچێ ، دوای ئەوەی رای کردووەو خۆی گەیاندۆتە کۆماری ئیسلامی ئێران، لە ٢٤ ی ئابی ئەمساڵ لەشاری ورمێ دەستگیر دەکریو دەدرێتەوە دەست دەسەلاتدارانی تورکیا لەکۆتایی مانگی رابردوو (ت٢) ناوبراو لەشاری وان دادگایی کرا بەتۆمەتی پەیوەندی بە pkk، ئەمەش نمونەیەکی دیکەی هاوکاری داگیرکەرانی کوردستانە لەگەڵ یەکدیدا، ئەوەی پتر سەرنج راکێشترە ئەوانەی سەر بە (القاعدە)ن بەتیرۆریست ئەمریکا ناویان دەبا کەلەدوای روخانی تالیبانی ئەفغانی پەنایان بۆ ئێران برد نەدرانە، دەستی ئەمریکاو تەنیا داوایان لێکرا ئێران بەجێ بهێڵن؟

**١٠/١٠ - ئینتەرنێت**

## کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی

کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کەنیازوابوو لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا ببەسترێ سەرچاوەیەکی بەرپرس لەو ئۆپۆزسۆنە رایگەیاند ئەم کۆنگرەیە بۆ ماوەیەکی دیکەی نادیار دوا دەخرێ(١٠ی کانونی یەکەم لەلەندەن).

ئەمە جاری چوارەمە ئەم کۆنگرەیە دوادەخرێ کەبەنیازن (٢٥) لایەنی سەر شەش گروپی سەرەکی ئەم ئۆپۆزسیۆنە ببەسترێو کە تیایدا (٣٥٠) کەس ئۆپۆزسیۆن بەشداری دەکا بۆ بەرنامە رێژ کردنی قۆناغی دوای نەمانی سەدام.

لەم کۆبوونەوەیە ٦٦٪ بۆ عەرەبو ٢٥٪ بۆ کوردو ٦٪ بۆ تورکمانو ٣٪ بۆ ئاشوورییەکان دانراوە، سەرچاوەیەکی دیکە پێی راگەیاندوین بەنیازن ٧٣ نوینەری بۆ (ویفاقی) نیشتمانیو٦٦ بۆ (مجلس الاعلی) ٤٥٪ بۆ کورد (هەردوو پارتە سەرکییەکە) ٦٪ بۆ تورکمان و ٣٪ بۆ ئاشووری تەرخان بکەن.

**ئەلحەیات**

## یەکێتی ئۆروپا ، کادیک بەتیرۆریست نازانێ

یەکێتی پەرلەمانانی وڵاتانی ئۆروپا لەسەرەتای ئەم مانگە رایگەیاندووە کە (کادیك) ی میاراتگری pkk، تیرۆیست نییە ولەو رۆژەی دروست بووە یەك کاری تیرۆریستی ئەنجام نەداوە، هەر ئەوبڕیارە تورکیای زۆر پەشۆ کاندووە بەتوندی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە یەکێتی ئۆروپا نیشانداوە بەهۆی ئەم بڕیارە.

**رۆژی کوردستان - یونانید - ١١/١**

## خوێندکارانی تورکیا لەخۆپیشانداانێکدا

رۆژی ١١/٦ پتر لە ٥٠٠ خوێندکار لەئەستەمبۆل رژانە پێش زانکۆی ئەستەمبۆڵ بۆ رەتکردنەوەی دامەزراوی (yok) کە دامەزراوێکی حکومیە دەخوازێ لەرێگای دەوڵەت مەرجەکانی حکومەت بهێنێتە دی لەخوێندندا، هەر ئەو رۆژە پتر لە ١٥ خوێندکاری بەشداربوو لەو خۆپیشاندانەیان دەستگیرکرد، هەروەها لە ئەنقەرە ٣٠ خوێندکاری دیکە دەستگیرکرا، لەباکووری کوردستان لەپێش کۆلیجی ئەدبیات دیاربکر پتر لە١٠٠٠ خوێندکار کۆبوونەوەو هاواریان دەکرد پژی زانکۆی ئازاد بەڵێ بۆ خوێندن بەزمانی زگماك، هەروەها لە پاشانانیش خۆپیشاندان رووی‌دا.

## هاتوو چۆی گەرمی نێوان نازییە نوێیەکان و بالیۆێزخانەی عیراقی لەئەلمانیا

لە١٦ی ئەم مانگە تەلەفزیۆنی (الجزیرە) رایگەیاند کە هەواڵگری ئەلمانی بەتوندی بالوێزخانەی عێراقی لەئەلمانیا خستۆتە ژێر چاودێری بەهۆی هاتوو چۆی‌گەرمو پەیوەندی پتەوی نێوان توندڕەوە نازییە ئەلمانیەکانو بالوێزخانەی عێراق.

**تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە**
**١١/٦**